# حوسێن محەمەد سەعید

## ئەدیب ورۆژنامەوانی گومناوی گەرمیان و ناوچەی خانەقی

## ١٩٤٧-١٩٧٦



■ دکتۆر ئەحمەد باوەڕ
زانکۆی گەرمیان – کۆلێژی پەروەردە

زۆرن ئەوانەی، کە لە پێناوی کوردایەتی و خەباتی یەکسانی و نیشتمان پەروەری دا سەریان نایەوە، زۆرن ئەوانەی کە لە کاکڵەی بێ دەرەتانی و هەژارییەوە سەریان هەڵداو بەردەوام روبەرووی ئەوسیستم و رژێمە نەگریسانە بوونەوە کە هێڵی راست و چەپیان ئەهێنایە سەر مرۆڤایەتیداو گوڵە پەپولەییەکانی عیشقیان لە بەرەبەیاندا پەراوازە دەکردو دەیان خۆزگەو دەیان ئاوات و دەیان و دەیان خونچەی بەئامانج نەگەیشتوویان لەترۆپکی خەبات و کاروانی بەردەوامی تێکۆشانا، لەلوتکەدا شەلاڵی خوێن دەکردو هەر ئەوساش لە پەنایەکی پڕ لە فێڵ و فەرەج و دوور لە هەموو ئاکارو رەوشتێکی ئینسانی و ئەخلاقییەوە، دوای سوکایەتی پێکردنی، دەیان کوشت و زۆر بەناحەق شەهیدیان دەکرد.

ئەدیب و رۆژنامەنووسی بەتوانا حوسێن محەمەد سەعید (١٩٤٧-١٩٧٦) وەک لاوێکی بەپەرۆشی خوێندنەوەی بەردەوام، لەسەردەستەی هەموو ئەو دەستە بژێرو نووسەرو رۆژنامەوانە گەنجانەی کورد بوو، کە هەرزوو رژێم و فەرمانڕەوایانی حیزبی بەعس نامەردانە شەهیدیان کرد، ئەوەی شایانی باسە حوسێن محەمەد سەعید لە بنچینەدا لە هۆزی تاڵەبانی و خەڵکی ئاوایی (شێخ غەریبی) ناوچەی بنکورە و لە ساڵی (١٩٤٧) دا، لە شاری خانەقین هاتۆتە دونیاوە، قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە قوتابخانەی (مونزرییە)ی سەرەتاییەوە، دەست پێکردبووە، کە لەودەمانەدا مامۆستای خوالێخۆشبوو جاوید سەعید بەگی باجەلان بەڕێوەبەری بووە، هەروەها باوکیشی دەمێک بوو لە نێوتاریکە بازاڕی ئەوکاتەی شاری خانەقین و لەنێو دوکانەکەی خۆیدا سەرگەرمی (خەڵوز) فرۆشی بووە، جابۆیە ئەویش بەزۆری و لەبەر بارودۆخی نەداری و هەژاری خێزان و بنەماڵەکەیان، کە رۆژانە سەرگەرمی کارکردن بوو، جا بۆیە خوێندنی ئێوارانی هەڵبژارد بەمەبەستی تەواوکردنی، کەچی لەبەر دۆخی هەژاری و کەم دەرامەتی خوێندنی پێ تەواونەکرا، لە ژیانیشیدا تەنها خوشکێکی هەبوو بەناوی (عەسلان)،کە ئەویش لەم ساڵانەی دواییدا لەگوندی (گردەگۆزینە) سەر بەقەزای کەلار کۆچی دوایی کرد، بەڵام نووسەری ناسراوی کۆچکردوو جەلال حوسێن زەنگابادی (١٩٥١-٢٠٢٣) لەبارەیەوە نووسیویەتی: « زۆر هاوڕێم بوو، لە شارۆچکەی جەلەولا چەند جارێک سەردانی کردم و هەروەها لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا پێکەوە براینە خزمەتی سەربازی لە سەربازگەی (مەنسوریە) کەچی ئەو دوای چەند مانگێک، لەبەرئەوەی لە دایک بووی ساڵی (١٩٤٧) بوو، بەبڕێک پارەی وەک (بدل) دا ئیدی لە خزمەتی

سـەربازی بەخشـرا، کەچی مـن لەبەرئەوەی لە دایـک بـووی سـاڵی (١٩٥١) بـووم دوای سـاڵ ونیوێـک، لەبەرئـەوەی مامۆسـتابووم ئەوجـا بەخشـرام »، هەروەها هەرلەسەردەمی و لاوی و لـە سـەرەتاکانی نووسـینیدا، یەکێـک بـووە لەو نووسـەرو ڕۆژنامـە نووسـە هەڵکەوتوانـەی، کە لەناوەڕاسـتی شەستەکانی سـەدەی ڕابردووەوە دەسـتی دابـووە کاری خوێندنـەوەو نووسـین و دواتریـش بڵاوکردنەوەی بەردەوام. شانبەشـانی کارکردنـی ڕۆژانە و بۆ سـەرچاوەی ژیان، وەک کەسایەتی و وەک لاوێکی چالاک لە بواری نووسین و بەکاری ڕۆژنامەوانییەوە خەریک بووە، هاوکات بەیەکێک لە نووسەرو پێشەنگانی چیرۆک نووسی کوردی دادەنرێت و لەم بوارەشـدا دەیان چیرۆکی جـوان ودەقـی نـاوازەی بڵاوکردۆتـەوە لەوانـە چیرۆکەکانـی وەک : ئاوێنـەی چرا، کـە لە ژمارە (٢٦) گۆڤاری (ڕۆشـنبیری نوێ) سـاڵی (١٩٧٤)دا بـڵاوی کردۆتـەوە، چیرۆکـی (دووشـەش)،کە دواتربـڵاوی کردۆتـەوەو لە دوای شـەهیدبوونی لەلایەن مامۆسـتا جـەلال زەنگابـادی هاوڕێیەوە، وەرگێڕدراوەتە سـەر زمانیعەرەبی و لە بەشـی عەرەبی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە، هەر وەک جەلال زەنگابادی خۆشـی دەنووسێت : « بـەلام نـاوی منیـان وەک وەرگێـڕ لەگەڵـدا نەنووسیبوو پاشان کاتێک لەوبارەیەوە لە مامۆستا جەمال خەزنەدارم پرسـی، پێی وتـم لەبەرئەوەی بەعسـییەکان خۆیـان تیرۆریـان کردبـوو، لەبەر پەرۆشیمان بۆ خۆت و بۆ سەلامەتیت ناوەکەتمان لەسەرسـڕیەوە»، بەڵکـو تەنهـا نووسـی بوویان ((ترجمة: .......)) بەلام دواترو لەساڵی (١٩٩٦)دا، لە ڕێـگای گۆڤـاری (گەرمەسـێر)ەوە دووبـارە بڵاوکرایەوە، هەروەها هەریەک لە مامۆستا جەلال زەنگابـادی و مامۆسـتا عەبدوڵلا سـابیر جەخت لەسـەرئەوەش دەکەنەوە،کـە حوسـێن محەمـەد سـەعید زۆر چاوەڕوانـی ئەوەی لـێ دەکرا،کە لە داهاتوودا ببێت بە : یەکێک لە ڕەخنەگرو پێشـەنگە دیارەکانی بواری سـینەمایی، هەروەها لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکانداو لەم بوارەدا گەلێک نووسینی دیاروبەرچاوی بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت زەنگابادی باس لەوەش دەکات، دوای شـەهیدبوونی (هاوڕێ کامەران) چیرۆکە شـیعرێکم وەک ستایشـکردنی بەزمانی عەرەبی بۆنووسـی بوو بەناونیشـانی « منـذا یذکرالرفیـق کامـران»، کەچـی هـاوڕێ شـیوعییەکانی لـە گۆڤـارو ڕۆژنامەکانـی (الفکر الجدیـد) و ( الثقافە الجدیـدة) نەیانوێرابوو بڵاوی بکەنەوە، هەر ئەوە نەبێت چووبوون شـیعرەکەیان لای خۆیانـەوە ناردبـوو بـۆ گۆڤارێـک لەوڵاتـی (یەمەنی باشـوور) کەچی دواتریـش هەر نەمزانی چی بەسەرهات و لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشنووسەکەی تائێسـتاش لەنێـو پەرتوبـڵاوی ئەرشـیف و نووسـینەکانی ترمدا لێم ون بـووە و نەم توانیوە بیدۆزمەوە. بەجۆرێک حوسێنی محەمەد سەعیدی ئەدیب ورۆژنامەنووس جگە لەوەی یەکێک بوو لە ئەندامانی دەسـتەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (بیری نـوێ)ی زمانحاڵی حیزبی شـیوعی عێراقی لەگەڵ ئەوەشـداو هەر لە سـەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیسـتەمەوە ئەندامی لقی بەغدای (یەکێتی ئەدیب و نووسـەرانی کورد) بـووە و لـە زۆربەی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبی و عێراقییەکانی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابـردوودا نووسـینەکانی خـۆی هەر لـە وتار، چیرۆک، لێکۆڵینەوە، ڕەخنەی ئەدەبی و وەرگێڕانی جۆراوجۆرو بابەخدانـی بەوەرگێڕانی هەقایەتی و فۆلکلـۆری کـوردی بـۆ سـەر زمانـی عەرەبـی، بەبەردەوامـی و بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی بڵاودەکـردەوە، بەتایبەتـی لـە گۆڤـارو ڕۆژنامـە بەرچاوەکانـی ئەودەمانـەی وەک : ڕۆشـنبیری نوێ، بیری نـوێ، الفکر الجدید، طریق الشعب، کە زمانحاڵی حیزبی شیوعی عێراقی بوون و هەرهەموویان لە سەروبەندی بەرەی نیشتمانی پێشـکەوتنخوازی عێراقیدا بڵاودەکرانەوە، جگە لە ڕۆژنامـەی (التاخی) زمانحاڵی پارتـی دیموکراتی کوردستان باڵی (مەلایی) لەگەڵ ڕۆژنامەی (النور) ی زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان باڵی

مەکتەبی سیاسی(جەلالی) کە لەماوەی سالانی (١٩٦٨-١٩٧٠)دا هەرلە شاری بەغدا بلاودەکرایەوە، هەروەها بلاوکردنەوەی نووسین و بابەتی جۆراوجۆر لە زۆرێک لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەودەمانەی جیهانی عەرەبی بەتایبەتی گۆڤارو ڕۆژنامە فەلەستینیەکان، کە زۆرێک لەمانەش بەخۆم چاوم پێکەوتوون و هاوکات لەم بوارو مەیدانەشیاندا خزمەتێکی گەورەی بەگەل و ولاتەکەی خۆی کردوە. تەنانەت وەک دەگوترێت حوسێن محەمەد سەعید یەکێک بووە لەو نووسەرو توێژەرانەی سەردەمی خۆی، کە وەک پێشتریش ئاماژەی بۆکرا،لە بواری ڕەخنەو هونەری سینەماییشدا لە عێراق و باشووری کوردستان شۆرەت و ناوبانگییەکی دیارو بەرچاوی هەبووە، هەرچەندە لەسەرەتای دەست پێکردنییەوە بۆکاری نووسین و بلاوکردنەوە، مەسەلەی نەداری و دەستکورتی و ژیانی زیندان و پاشان تێکەل بوونی لەگەل چالاکی حیزبی و کاروبای سیاسی وەک پێویست نەی هێشتووە قۆناغەکانی خوێندنی تەواو بکات، بەلام دوا وێستگەو دوا شوێنێک، کە حوسێن محەمەد سەعیدی جوانەمەرگی تیا گیرسابێتەوە و تیایدا دەست بەکار بووبێت، بۆکاری ڕۆژنامەوانی و بلاوکردنەوەی نووسینی بەردەوام، ئەویش هەفتەنامەی (بیری نوێ- الفكر الجديد)ی زمانحالی حیزبی شیوعی عێراقی بووە، کە هەر لەسەرەتای حەفتاکانەوە بەبەردەوامی و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن حیزبی شیوعی عێراقییەوە لە شاری بەغدا بلاوکراوەتەوە، هەرئەوکاتەش بارەگای ڕۆژنامەی (بیری نوێ) لە شەقامی سەعدون و لە کۆشکی (الطحان) بووە، کە تارادەیەک نزیک بووە لە ناوچەی (بتاوین)ی ئێستای شاری بەغداوە، بەڕادەیەک هەر لەوماوەیە بەدواوە و لەم مینبەرەشەوە دەروازەیەکی گەورە و ڕۆشن لە ڕێگەی (حوسێن محەمەد سەعید)دا کراوەتەوە، کە ئەویش بەزۆری نزیکبوونەوە و ناسینی بووە لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و نووسەرو ڕۆژنامەوانی ئەو ڕۆژگارەی کورددا، کە بەزۆری لەودەمانەداو لەوماوەیەدا لە هەردوو ڕۆژنامەی (بیری نوێ) و (فكرالجديد) و هەروەها گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانی تردا کاریان کردووەو لەگەل ئەوەشدا بابەت و نووسینی خۆیانیان بلاوکردۆتەوە، هەر لەنووسەرو شاعیرانی ئەو ڕۆژگارەی وەک محەمەدی مەلاکەریم، جەلال دەباغ، ڕەفیق سابیر، کەمال میراودەلی، محەمەد موکری، مەجید محەمەد کەریم وهاشم کۆچانی هەروەها تێکەلاوییەکی زۆرنزیک و خزمایەتیشی لەگەل شاکەلییەکانی ئەوکاتەی گەرمیانیشدا هەبووە،بەتایبەت نووسەرو شاعیرانی وەک : ئەحمەد شاکەلی و ئەمجەد شاکەلی و ئەنوەر (فەرهاد) شاکەلی. جگە لەوەش بەخۆی یەکێک بووە لەو نووسەرو کادیرە چالاک و لاوانەشی کە لەنێو ڕیزەکانی ئەوکاتەی حیزبی شیوعی عێراقیدا کاری کردووە و تەنانەت نازناوی حیزبی (کامەران)بووە، بەم پێیەو بەو بابەت و نووسینانەشی کە بلاوی دەکردنەوە، زیاتر بووبووە یەکێک لەوانەی کە دەستەلاتداران و فەرمانڕەوایانی حیزبی بەعس لە عێراقدا زۆر بەوردییەوە چاودێری وهەولی تیرۆرکردنیان داوە، هەرچەندە لەم ماوەیەو لەم قۆناغەشدا جۆرە هاوپەیمانیەک لە نێوان فەرمانڕەوایانی حیزبی بەعسی عێراقی و حیزبی شیوعی عێراقیدا هەبوو، هەروەها لە کاری بەڕێوەبردنی ولات و وەزارەت و حکومەتیشدا هاوبەشبوون، کەچی دەزگا هەوالگرییەکانی حیزبی بەعس بەردەوام لەپلانی کوشتن و لەنێوبردن و پاکتاوکردنی کادیران و چالاکوانانی ئەوکاتەی حیزبی شیوعی عێراقی بوون ، بەجۆرێک پاش دەسنیشانکردنیان بەپلانی بەرنامە بۆ دارێژراو لەنێویان بردوون، وەک دەگوترێت ئەو سەر لەئێوارەیەی (٩ی ئەیلولی ١٩٧٦) ، کاتێک حوسێن محەمەد سەعیدی ڕۆژنامەوان تیرۆر دەکرێت لە یەکێک لە شەقامەکانی ئەوکاتەی شاری بەغدا عیزەدین محەمەدئەمین حارس، یەکێک بووە لەهاوەل و کادیرانەی حیزبی شیوعی عێراقی، کە پێکەوەش لە

هەفتەنامــەی (بیری نــویّ)دا کاریانکــردووە، لە بارەی کوشتن و تیرۆرکردنییەوە وای دەگێڕێتەوە کە « ئێوارەی (٩ی ئەیلوولی ١٩٧٦) کاتێک کاک حوسێن محەمەد ســەعید لە ئیدارەی رۆژنامەی (بیــری نــویّ) دابەزییە خــوارەوە، بەمەبەســتی چوونــە بــازاڕو هەروەها ســەردانی برادەرێکی خــۆی ، چاکــم لــە بیــرە ئەوکاتــە وتاریّکــی بۆ رۆژنامەی (بیری نویّ) نووسی بوو، بەڵام هێشتا بەنیــوەو ناچڵی مابــووەوە و تەواوی نەکردبوو، هــەر ئەو ئێوارەیەش، کە دەرچوو تا درەنگانێکی شەو چاوەڕوانی بووین، کەچی هەرنەگەڕایەوە، ئێمەش برادەرانی رۆژنامە لە رێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیمــان کــرد بــەزۆر بنکــەی پۆلیــس و خەستەخانەی ئەوکاتەی شــاری بەغداوە، بەڵام هیــچ هــەواڵ و ســۆراخێکی ئەوتۆیمان دەســت نەکــەوت، کەچــی دوایــی ئاگادارکراینــەوە، کــە بنکەیەکــی پۆلیــس لەناوچــەی (بــاب الشــیخ) تەرمەکەی داوەتە ناوەندێکی پزیشکی دادوەریی (الطــب العدلــی) لەهەمــان ناوچــەو گــەڕەک و ئەوەشیان پێ ڕاگەیاندین، کە گوایە لە گۆرەپانی فیــردەوس (الفــردوس)ی شــاری بەغــدا بــە ســەیارەیەک، لە جۆری (شۆفرلێت) لێی دراوە و تەنانەت ژمارەکەشــیان نەزانــی بوو». هەروەها دەشــگوترێت ئەوســەیارەی کــە لێــی دابــوو ســایەقەکەی « خەڵکــی شــاری خەنەقین بووە، بــەڵام نەیتوانیبــوو کۆتایی بەژیانــی بێنی بەڵکو ئەوســەرەتا بەبرینداری کەتۆتە سەر شۆستەی شەقامەکەو دووبارە سەیارەکە بۆی گەڕاوەتەوەو چۆتە ســەری و ئینجا کۆتایی پێ هێناوە». واتە بەم جۆرە (حوســێن محەمەد ســەعید)ی تاقانەو نووســەرو رۆژنامەوانی بەتوانــاو هەڵکەوتووی ناوچــەی گەرمیــان و شــاری خانەقیــن، بەپێی بەرنامەوپلانێکــی پێــش وەختــی نەخشــە بۆداریــژراوی فەرمانڕەوایانــی حیزبی بەعس لە شاری بەغدا بەیەکجاری سەری نایەوەو هاوکات بۆ رۆژی دواتریش تەرمەکەی لەلایەن خانەوادەو کــەس وکارو هەروەهــا کۆمەڵێــک لەهاوەڵــە نزیکەکانییەوە ، هێنراوەتەوە بۆ شــاری خانەقین و لەرێورەسمێکی جەماوەریی گەورەدا بەخاکیان ســپاردوە ،هــاوکات هەردوو رۆژنامــەی (بیری نویّ) و (الفکرالجدید)ی زمانحاڵی حزبی شیوعی عێــراق بەزمانــی عەرەبی و لە ژمــارە (٢١٠) ی (٢٥ی ئەیلولــی ١٩٧٦)، هەواڵــی کۆچــی دوایــی ناوادەی حوسین محەمەد سەعیدی بڵاوکردۆتەوە، بەوەی کــە گوایە لــە دەرئەنجامــی رووداوێکی بەژێرکردنەوەی ئۆتۆمیل و پلیشانەوە (دهس)دا وەک ئــەوەی ، رۆژنامەی(الفکرالجدیــد) نووســیویەتی گیانــی ســپاردووە، هەروەهــا بەماوەیەک دواتریش هەررۆژنامەی (بیری نویّ) بەزمانــی کــوردی و لــە ســەروبەندی چلــە و یادەوەریــی شــەهیدبوونیدا وتارێکــی کورت و وێنەیەکــی خۆیشــی لەگــەڵ بڵاوکردۆتــەوە. ماوەتــەوە بڵێیــن : حوســین محەمەد ســەعیدی جوانەمــەرگ لەبــەر تەنــگ و چەڵەمەی ژیان و سەرگەرمبوونی بەردەوامی بەکارکردنی رۆژانەو ژیانی حیزبایەتی و کاروباری سیاسییەوە، وەک کتێبی سەربەخۆ ئێمە پێ بزانین شتێکی ئەوتۆی بڵاونەکردۆتەوە، تەنها هەموو ئەو سەدان بابەت و چیرۆک و نووسینانەی نەبێت، کە بەردەوام لە بواری جۆراوجۆردا نووســیونی و لەسەردەمی خۆیــداو لــە رێگــەی گۆڤــارو رۆژنامــەو هەفتەنامەکانــی ئەودەمانەی کوردی و عێراقی و عەرەبییەوە بڵاوی کردونەتەوە، کە دەکرێت هەر هەموویان لە دەرفەتێکدا وەک کتێب کۆبکرێنەوەو بڵاوبکرێنــەوە، بــەم جۆرە و تاوەکــو ئەوکاتەی بواری ئەوەمان دەبێت بەشێوازێکی تێروتەسەلترو بەرفراوانترو لە دەرفەتێکی گونجاودا لە بارەیەوە دەنووسین، هیوادارین، هەرکەسێک، هەربرایەک، ئەگەر نووسین و بابەت و هەرسەربووردەیەکی لەبارەی ئــەم کەســایەتی و لاوە جوانەمەرگەی گەرمیان و ناوچەی خانەقینەوە لایە با بۆڕاستی و بــۆ مێژوو،بەرۆحیەتێکــی برایانــەوە بۆمــان بنوسێ و ئاگادارمان بکاتەوە، ئەوا زۆر سوپاسی دەکەین ومەمنوونی هاوکاری کردنی دەبین.